ئەو مووچەی مانگی یازدەی چەند وەزارەتێک دابەش دەکرێت



دوای 67 ڕۆژ لە دابەشنەکردنی مووچەی فەرمانبەران و مووچەخۆرانی هەرێم بە مانگی 11ــی ساڵی ڕابردوو 2024، وەزارەتی دارایی حکومەتی ماوە بە درێژکراوی هەرێمی کوردستان مووچەی مانگی 11ــی ساڵی ڕابردوو دابەش دەکات.

هەرچەندە حکوومەت ڕۆژە لە ساڵی نوێداین (2025) و هەشتا فەرمانبەران و مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان مووچەی دوو مانگی ساڵی ڕابردوویان وەرنەگرتووە، هاوکات وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم ئەمڕۆ سێشەممە مووچەی مووچەخۆران بە مانگی یازدە دابەش دەکات.

لە ئەمڕۆ سێشەممە مووچەی وەزارەتی پەروەردە و ناوخۆ، هەروەها داد و ئەنجومەنی دادوەری لەگەڵ ئەوقافی و کاروباری ئایینی و وەزارەتی پلاندانان، شارەوانی و گەشتوگوزار و کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، هەروەها وەزارەتی سامانە سروشتیەکان و بازرگانی و پیشەسازی.